www.kurdistannet.org
7-11-2007 1:22بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

لە پەراوێزی کۆنگرەی ئەستانبوڵدا ... دلێر میرزا

دوای ئەوەی تورکیا لەم ماوەی دواییەدا، کێشەی پەکەکەی وروژاند، بۆئەوەی چەندین کێشەی خۆی لەناو تورکیا و لەناوچەکە و لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا یەکلایی بکاتەوە، زەمینەی خۆش کرد بۆبەستنی کۆنگرەی ئەستانبوڵ، و ئەگەرچی نەیتوانی خواستەکانی خۆی تیادا بەتەواوی دەستەبەر بکات، بەڵام ئەوەی لەبەیاننامەی کۆتایی کۆنگرەکەدا هات، لە لە11/3دا، ئەوەبوو جەخت لەسەر ئەوە کرا، رێگە نەدرێت کاری تیرۆر لەڕێگەی عیراقەوە رەوانەی وڵاتانی دەوروبەر بکرێت، کە مەبەست لەوە دزەکردنی چەکدارەکانی پەکەکەیە لەناو خاکی کوردستانەوە بۆتورکیا. دیارە بەگشتی ئەمە رێوشوێنێکی باشە بۆرێگەگرتن لە کاری نەگریسی تیرۆر، کەژیانی مرۆڤایەتی رووبەڕووی مەترسی دەکاتەوە. بەڵام ئەوەی کەپێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکرێت ئەوەیە، ئایا عیراق سەرچاوەی تیرۆرە و عیراق بۆتە مەترسی بۆوڵاتانی دراوسێ؟ ئاخۆ کەسێ نەبوو لەو کۆنگرەیەدا پرسیاری ئەوە بکات، ماوەی زیاتر لەچوار ساڵە تیرۆریستان لەکوێوە رووبان لەعیراق دەکرد، ئایا لەئاسمانەوە دەبارین، یان هەر لەو وڵاتانەوە دەهاتنە ناو عیراقەوە، کەئێستا مەترسی ئەوەیان هەیە، تیرۆر سەروچاوی خۆیان بگرێتەوە، و بۆچی لەماوەی ئەو چوار ساڵی رابردووەدا، بیری ئەوەیان نەدەکردەوە، کەچۆن و لەکوێوە تیرۆریستان رووبان لەعیراق دەکرد، و هەزاران خەڵکی بێ تاوانیان خەڵتانی خوێن دەکرد، و ئەو تیرۆریستە عەرەبانە کەخەڵکی میسر و جەزائیر و سۆدان و ئوردن و سوریابوون، چۆن دەگەیشتنە ناو خاکی عیراق؟ بگرە نەك هەر رێگەیان لێبیان نەدەگرت، بەڵکو مەخابن دەیانکردن بەوەرەقەی سیاسی بۆ مامەڵەکانیان لەگەل ئەمەریکا و لەگەڵ حکومەتی عیراقدا، و مەخابن وەها کۆدەنگییەکی جیهانی گەلاڵە نەدەبوو بۆرێگەگرتن لەدزەکردنی ئەو تیرۆریستانە بۆناو خاکی عیراق، چونکە خۆیان مەشقیان بەو تیرۆریستانە دەکرد لەسەر خاکی خۆیان و دواتر رەوانەی عیراقیان دەکرد، و ئێستایش ئەگەرچی لەبەیاننامەی کۆتایی کۆنگرەی ئەستانبوڵدا، ئەوەیش هاتووە کەدژی تیرۆر لەناو خاکی عیراقدا بووەستنەوە، بڕوا ناکەم کاری جدی بۆبکەن، چونکە ئەوان تەنیا خاڵێکی هاوبەش لە ئەستانبوڵ کۆیانی کردۆتەوە، ئەویش چەکدارانی پەکەکەیە، نەك بوونی تیرۆریستان لەعیراق، و ئەو کوشت و کوشتار و خوێنڕشتنەی تووشی خەڵکی بێتاوانی عیراق بۆتەوە، بەهۆی کاری تیرۆریستی لەعیراقدا، کە زۆربەیان لەناو خاکی ئەوانەوە رەوانەی عیراق دەکرێن. نابێ ئێمەیش بپرسین: بۆچی خوێنی ئەو هەموو عیراقییانەی لەماوەی چوار ساڵی رابردوودا رژا، ویژدانی ئێوەی نەهەژاند، کەهەوڵی جدی بدەن و رێگە نەدەن تیرۆریستان لەناو خاکی ئێوەوە دزە بکەنەوە ناو خاکی عیراقەوەوە، و بەهەموو جۆرێ بۆ ئەو مەبەستە ئاسانکارییان بۆبکەن، و کۆنگرەی لەو جۆرەی بۆ ببەستن؟

dlermirza@yahoo.uk.co

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.